ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
19
10 ی ئەیلول / سێپتەمبەر 2021

## هەڵبژاردن و تارمایی خرۆشانی جەماوەر!



موحسن کەریم

خرۆشانە جەماوەریەکانی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٩ی شارەکانی عێراق، تارمایی شۆرشی جەماوەری پیشانی دەسەڵاتی میلیشیایی بۆرژوازی دا کە سەرەنجام، قەیرانی سیاسی و حکومەتیی قوڵ کردەوە سەرۆک وەزیرانەکەی و کابینە وەزاریەکانی پێچایەوە!
بۆرژوازی جیهانی و عێراقی بۆ دەربازبوون لەو گێژاوو بنبەستەی سیستەمی سیاسی- ئابوری سەرمایەداری لە عێراق گیرۆدەی بوو بوو بەدەست نارەزایەتی و خرۆشانی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش و وەتەنگهاتووی عێراقەوە، چەندین کارتی بەختیان راکێشا و سەرەنجام کارتی مستەفا کازمیان وەکو فریشتەی رزگاری بۆ دەرچوو کە لەسەر کورسی سەرۆک وەزیران نیشتەوە تا لەجیاتی حکومەتی هەڵوەشاوەی پێشوو حکومەتێکی کاربەرێکەری کاتی دروست بکات، بە ئومێدی ئەوەی توڕەیی و خرۆشانی جەماوەری هێوربێتەوە و زەمینەی تێپەڕاندنی قەیرانی سیاسی و حکومەتی فەراهەم ببێت. ئەوەبوو ڤایرۆسی کۆرۆناش وەکو دیاریەکی ئاسمانی فریای بۆرژوازی عێراقی کەوت و بەناچاری، خۆپیشاندەران، کە سەرەڕای زیاتر لە ٦٠٠ قوربانی ونزیکەی ١٢هەزار بریندارهێشتا ئامادە نەبوون لەژێر فشاری کوشتاردا مەیدان چۆڵ بکەن، بەهۆی مەترسی بڵاوبوونەوەی کۆرۆناوە گۆرەپانەکانی چۆڵکرد!

بۆ لاپەڕە 2

## قەیرانی دەسەڵات لە عێراق و بنبەستی هەڵبژاردنی پێشوەخت!



عوسمانی حاجی مارف

بەدوای روخانی ئاڵوگۆری سیاسی و حکومەتی بەعسی کۆمەڵایەتی تەواو جیاواز ناسیونال فاشی و لە مێژوی خۆیدا خۆیدا کرد، پاکردنەوەی دەسەڵاتی ئاڵوگۆرێک کە هەموو سەدامێک کە نمونەی شتێک لەیەک ترازاو عێراقی خستە بەردەم گەورەترین کەسایەتی لەبەر یەک هەڵوەشایەوە. چارەنوسێکی وەها سەرکوتگەرو درندەو نەخشەکانی باڵا دەستی نادیارو سەرگەردانەوە دژی ئینسانی بوو، عێراق دەوڵەتی ئەمریکاو کە لە توانای هیچ لایەن پێشوازی لە گەورەترین خوڵقاندنی شەڕی کەنداو، و هێزێکدا نیە

بۆ لاپەڕە 3

## وەزیری سامانە سروشتیەکان و دەسەڵات، ئاگایان لە ئازارەکانی خەڵک نییە، بۆیە دەبێ رابماڵرێن!



عەبدوڵا مەحمود

بۆ لاپەڕە 6

## "ئێن ئار تی"و"نەوەی نوێ" و چنگەکرێی خۆهەڵواسین بە رێشی تاڵیبانەوە!



جەمال موحسین

کات و وزە و وردبوونەوەیەکی ئەوانەی لە پشتیەوەن تێبگەیت تا زوو زۆری ناوێ لە کەناڵی ئێن ئار تی و بۆت دەربکەوێت کە پاڵی بە چ

بۆ لاپەڕە 7

## پێگەی دادگا لای باقل!

عوسمان حاجی مارف

بۆ لاپەڕە 4

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی.. هەڵبژاردن و تارمایی خرۆشانی جەماوەر!

هاوکاتی چوڵبوونی گۆڕەپانەکان و هێوربونەوەی خۆپیشاندانەکان، هێزە میلیشیا بۆرژواییەکان کە دەسەڵاتی دەوڵەتیان بەدەستەوەیە، کەوتنە ڕاونان و تۆقاندن و تیرۆرکردنی ڕابەران و ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکان و بە سەپاندنی فەزای سەرکوت داپڵۆسین، هەوڵیان دا پاشەکشە بە جەماوەری ناڕازی و ڕاپەڕیوو بکەن و تەسلیمیان بکەن. ئەگەرچی هاتنی کازمی بۆسەر کورسی دەسەڵات ئاکامی جۆرێک لە خۆشباوەڕیی بەشێک لە خەڵکی ناڕازی و خۆپیشاندەران بوو، بەڵام سەرەنجام کازمی و حکومەتەکەی و حزب و گرووپە چەکدارە دەسەڵاتدارەکان لەرێگای بەرێخستنی سەرکوتی ڕێکخراوەوە زەمینەکانی هەڵبژاردنی پێشوەختیان بۆ بۆرژوازی لە عێراق دەستەبەرکرد.

هەڵبژاردنی پێشوەختەی عێراق، ڕێک بە ئامانجی وەشاندنی دوا زەبرە لە بزوتنەوەی ناڕەزایەتی خەڵک و خرۆشانە جەماوەریەکانی ساڵی ٢٠١٩ کە دەسەڵاتی بۆرژوازی لە عێراق گیرۆدەی قەیران کردو حکومەتەکەی پێچاپەوە! ئەم هەڵبژاردنە دەیەوێ کە فەزایی ناڕەزایەتی جەماوەری خامۆش بکات و قەیرانی سیاسی بۆرژوازی ئەگەر پێ چارەسەر نەکرێ، هێوری بکاتەوەو ئەگەرەکانی سەرهەڵدانی شۆڕشی جەماوەری چینی کرێکار و زەحمەتکێشی عێراق لە دژی دەسەڵاتی تالانچی و چەکبەدەستی بۆرژوازی دوور بخاتەوە. ئەم هەڵبژاردنە ئامانجی ئەوەیە کە سەقامگیری سیاسی بۆ بۆرژوازی عێراقی دەستەبەربکات. دەیەوێ هەلومەرجی چەوساندنەوە و بێمافیی چینی کرێکارو زەحمەتکێش، دوای دەورەیەک لە خەبات و قوربانی و هاتنەمەیدانی جەماوەر لە زۆربەی شارەکانی عێراق بۆ کۆتایی هێنان بەو بارودۆخەو بەو نایەکسانی و ستەم و زوڵم و بێدادی و بێمافیە، سازبداتەوەو پارێزگاری لێبکات. بۆیە پێگە و جێوشوێنی ئەم هەڵبژاردنەی عێراق، بەبەراورد بە هەڵبژاردنەکانی پێشتر، ڕێک لەبەرامبەر ئاماج و ئاواتەکانی خەڵکی عێراقدایە بۆ یەکسانی و عەدالەتی کۆمەلایەتی.

ئەم هەڵبژاردنە بلۆفێکی سیاسی و قێزەونی لەرادەبەدەر کۆنەپەرستانەیە دژ بە چینی کرێکار و جەماوەری بێبەشی عێراق. خەڵکی عێراق ڕژانە سەر شەقامەکان بۆ روخاندن و کۆتاییهێنان بەم دەسەڵاتە نایەکسان و گەندەڵ و تالانچی و میلیشییایە، بەڵام ئەم هەڵبژاردنە دەیەوێ ئەو هەلومەرجە بهێڵێتەوە کە جەماوەر دژی ڕاپەڕین. کەواتە هەڵوێستی دروستی سیاسی کە دەبێ خەڵکی عێراق و کوردستان بیگرنەپێش ئەوەیە کە دژی هەڵبژاردن بوەستنەوە، دژی هێشتنەوەی بارودۆخێک کە دژی ڕاپەڕین بوەستنەوە و ملی پێنەدەن و ڕێگا نەدەن کلاویان بکرێتە سەر. ئەوەش بەوە دەکرێ کە دیسانەوە خۆیان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی دەسەلات و هەڵبژاردن و پەرلەمان و حکومەتەکەیان ئامادە بکەن. نەک هەر بەشداری ئەم پیلانگێڕیەی بۆرژوازی و حزب و دەستەو تاقمەکانی لەدژی خۆیان و خەبات و قوربانی دانەکانیان نەکەن، بەڵکو ئاراستەی هەڵبژاردن لەدژی بۆرژوازی و دەسەلاتەکەی هەڵبگێڕنەوە. بە دەنگی بەرز بڵێن نا بۆ هەڵبژاردن و دەسەڵاتی تالانچی و کۆنەپەرست و دژە شۆڕشی ئێوە. بەڵێ بۆ دەسەڵاتداریتی جەماوەری ...

هەر لەئێستاوە، لەپاڵ بانگەشەی کاندیدەکانی گروپ و هێزە میلیشاییەکانی بۆرژوازی، خەڵک کۆبونەوەی گشتی خۆیان بکەن و لەسەر پرس و مەسەلەکانی خۆیان و لەسەر ماف و داواکاریەکانیان گفتوگۆ بکەن و پێکەوە هەنگاو هەڵبگرن بۆ جێبەجێکردنیان. ئەوەش بەوە دەکرێ کە ئەو کۆبونەوە گشتیانە بگۆڕن بۆ شورا و ئەنجومەنە شۆڕشگێڕەکانی خەڵک لە گەڕەک و شارەکان و دەسەڵاتی مەحەلی خەڵک لە هەموو جێگایەک دابمەزرێت. دەبێ لەبەرامبەر دەسەڵاتی بۆرژوازی لەسەرەوە کە هەڵبژاردنی پێشوەختە دەیەوێ ساخی بکاتەوە، دەسەڵاتی خەڵک لە خوارەوە دروست بکرێت. بەوەش قەیرانی حکومەتی و سیاسی بۆرژوازی قوڵتر دەکرێتەوەو پیلانەکەیان دژی خەڵک و بۆ هێشتنەوەی هەلومەرجی پڕ لە چەوساندنەوەو ستەم ونایەکسانی وبێمافی بۆ دوورخستنەوەی ئەگەری شۆڕش پووچەڵ بکەنەوە!

★

**هەڵبژاردنی پێشوەختەی عێراق، ڕێک بە ئامانجی وەشاندنی دوا زەبرە لە بزوتنەوەی ناڕەزایەتی خەڵک و خرۆشانە جەماوەریەکانی ساڵی ٢٠١٩ کە دەسەڵاتی بۆرژوازی لە عێراق گیرۆدەی قەیران کردو حکومەتەکەی پێچاپەوە! بۆ ئەوەیە کە فەزای ناڕەزایەتی جەماوەری خامۆش بکات و ئەگەرەکانی سەرهەڵدانی شۆڕشی جەماوەری چینی کرێکار و زەحمەتکێشی عێراق لە دژی دەسەڵاتی تالانچی و چەکبەدەستی بۆرژوازی دوور بخاتەوە.**

# درێژەی .. قەیرانی دەسەڵات لە عێراق و شکستی هەڵبژاردنی پێشوەخت!

عوسمانی حاجی مارف

سەقامگیری سیاسی بۆ عێراق لە ئایندەیەکی نزیکدا بگەڕێنێتەوە. ئەو هێزە سیاسی و میلیشیایانەی بونە پێکهاتەی ئەلتەرناتیفی دەسەڵاتی حکومەتی بەعس، لە هێزە ئیسلامی و تائفی و نەتەوەپەرستەکانەوە، خەڵکی عێراقیان خستە ناو چوارچێوەی دۆخێک پڕاوپڕ لە گێژاوی سیاسی وەها نائینسانیەوە کە بەردەوام لە بەرامبەر چاوەڕوانیەکی بێ ئاسۆو تاریکدابن.

پێکهێنانی حکومەت لەسەر بنەمای ڕێکەوتنی ئەو هێزە میلیشیا ئیسلامی و تائفی و نەتەوە پەرستانە، ئەو بەڵایەی بەرهەم هێنا کە تائێستاش کابوسێکی مەترسیداری بێ کۆتاییە بە سەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی عێراقەوە، ئەمانە عێراقیان لە زەلکاوێکی وەهادا چەقاندووە کە هیچ کەس ناتوانێ پێشبینی ئەوەبکات کەی ئەم زەلکاوە ووشک دەکات و دەپوکێتەوە!.

حکومەتی تەوافقی ئەو هێزە میلیشیا کۆنەپەرست و دژە ئینسانی و جەردانە، نوێنەری خولقێنەری گەورەترین دۆخی دزی و جەردەیی و تالانی و قۆرخکردنی تەواوی سەرووەت و سامانی عێراقن، کە لەلایەک کەڵەکەکردنی سەرمایەیەکی بێشوماری بە سەدان ملیۆن دۆلار بۆ بەرپرسە حزبیەکان و پلە باڵاکان، لەلایەکی ترەوە تەشەنەی هەژاری و نەداری و بێکاری بۆ ڕیزێکی بەرین لە دانیشتوان کردۆتە ئەمری واقع، جگە لە خولقاندنی ژیانێکی ڕۆژانەی نائارامی پڕمەترسی لە تەقینەوەو شەڕی تائفی و کوشتارو تیرۆری بەردەوام.

هەژدە ساڵە دانیشتوانی عێراق لە سایەی نەخشەو سیاسەت و دەخالەتی دەوڵەتی ئیمپریالستی ئەمریکاوە بێبەش نەبون لە هەموو ئەو سیناریۆ جەنجاڵ و تاریک و کارەساتانەی کە کۆماری ئیسلامی ئیرانیش بەشێکی سەرەکی بووە دەوری لە وێرانکاری عێراقدا گێراوە، حکومەتی تەوافقی عێراق هەمیشە ملکەچ و پاشکۆی تەواوی ئەو سیاسەت و دەخالەت و ململانیانە بووە کە دەولەتی ئەمریکا و وولاتانی ناوچەکە لە مەیدانی سیاسی عێراقدا ڕۆڵیان تێیدا گێراوە، بە مانایەک قەیرانی دەسەڵات و ناسەقامگیری سیاسی و نەبونی هێژمۆنی ناوەند، کێشەیەکی گەورەی دۆخی نالەباری پێکهێنانی دەسەڵاتی سیاسیە لە عێراقدا.

هەر بۆیە هەڵبژاردنەکانی عێراق جگە لە وێنایەکی کاریکاتور شتێکی ترمان نیشان نادات، پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەتی عێراق لە ڕیزی نمونەی هەرە گەندەڵترین و ڕیسواترین دەسەڵاتی سیاسیە لە جیهاندا، لە هەمان کاتدا بینیمان کە بەشدار بون لە هەڵبژاردنەکاندا جار بەدوای جار کەمترین ڕێژە لە دەنگدەر چونەتە سەر سندوقەکانی دەنگدان، کە دواین هەڵبژاردن، نمونەیەکی بێوێنەی ئابڕووبەرانەی بایکۆت درا بەڕوی حزبەکانی بەشدار لەو هەڵبژاردنەدا، قەیرانی دەسەڵات و ناجێگیری سیاسی و نەگونجان و قڵشتی فراوانی بەینی دەسەڵات و خەڵک هەمیشە ڕوکنێکی بنەڕەتی دەسەڵاتی سیاسی بوە لە عێراقداو کاریگەری تەواوی لەسەر مەزاجی تورەیی و نارەزایەتیەکانی خەڵک داناوە.

بەهەر جۆرێک لە درێژە کێشانی هەژدەساڵ لە هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی نالەبارو بێ ئومێدی لە عێراقدا، ڕیزی نارەزایەتیەکانی جەماوەری تورەی عێراق سەرهەڵدان و پێشرەویەک لە نمونەی ڕاپەڕین و وەستانەوە لەبەرامبەر ئەم دەسەڵاتەی مافیاکانی سەر بە ئێران و ئەمریکای نیشاندان، کە توانی قەیرانی دەسەڵات بگەیەنێتە ئاستێکی زیاتر لە بنبەستی ڕێکەوتنی هێزە میلیشیاکانی بەشدار لەدەسەڵاتی سیاسیدا، تا ئەو ڕادەیەی ناچار بون حکومەتەکەیان هەڵوەشێننەوە و حکومەتێکی کاتی پێک بهێنن، لەهەمان کاتدا بەهیچ جۆری دەستیان نەپاراست لە تیرۆرکردنی ڕیزێکی بەرین لە ڕابەران و هەڵسوڕاوانی نارەزایەتیەکان.

کێشەیەک کە پێویستە ئێستا لە مەیدانی سیاسی عێراقدا بە هەند وەربگیرێت کێشمەکێشی توندو ڕانەوەستاوی نێوان جەماوەری خەڵک و دەسەڵاتە، بە جیا لەوەی هێزە میلیشیاکان دوای چەندین ساڵ لە ئەزمونی دەسەڵاتی سیاسی گەورەترین شکست و قەیرانی سیاسی و دەسەلاتیان نیشاندا، لەهەمان کاتدا دەرگیرو مایەپوچ بون لە سازدانەوەی حکومەتێک کە بتوانێ ڕێکەوتنی تەواوی لایەنەکان بگونجێنێت، ڕاپەڕینەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ لە بەغداو شارەکانی خواروی عێراق ڕۆڵێکی شایستە و بەرچاوو گرنگی بینی لە زیاتر شکست پێهێنانی ئەو دەسەڵاتەی هۆکاری گەورەترین نائارامیە لە هەلومەرجی سیاسی عێراقدا، حکومەتی کازمی و هەڵبژاردنی پێشوەخت بە هیچ جۆرێک ناتوانێ ڕۆڵ و پێگەی ئەو هێزە سیاسیانەی دەیانەوێت حکومەت ڕێکخەنەوە جارێکی تر پێکەوە بگونجێنێت، چونکە لەلایەک هەلومەرجی سیاسی عێراق و ناوچەکە لە ڕاستای ئالۆگۆڕێکدا خۆی نیشان ئەدات کە دەوری جەمسەرە ئیمپریالیەکان و وولاتانی ناوچەکە هاوکێشەیەکی سیاسی وەهای فەراهەم هێناوە، ئاستی هاوسەنگی هێز نارۆشنە کە بە قازانجی چ لایەک دەگیرسێتەوە، واتە گێژاوی سیاسی دژوارترو نالەبارتر دەردەکەوێت، لە لایەکی ترەوە بەهەر جۆرێک لە پاشەکشە و ڕاگرتنێک لە ئەزمونی ڕاپەڕینەکانی مەیدانی ئازادی بەغداو شارەکانی خواروی عێراق، ئاشتبونەوەی جەماوەری نارازی لە گەڵ ئەم دەسەڵاتەو هێزە میلیشیاکاندا بە مەحاڵ

# پێگەی دادگا لای باقل!

عوسمان حاجی مارف

ئەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەی کە بۆ باقل ڕێکخرابو، وەڵامێکی باقل لە بارەی پەیڕەونەکردنی یاسایی و مافەوە جێگای سەرنجی جدی و باسکردنە، پاش ئەوەی باقل پێداگری و سوربونی خۆی لەسەر ئەوەی ژەهری پێدراوە دەگێڕێتەوە، هەروەها باس لە ڕفاندن و هەڕەشەکردن و خراب بەکارهێنانی دەسەڵات و میدیاش دەکات.. ، واتە کەسانێک هەن کە تاوانبارن و لەسەرویانەوە لاهورە، لە هەمانکاتدا بە دڵنیاییەوە دەڵێت بەڵگەی تەواو و شایەتی هەیە بۆ ئەو تاوانانە، کاتێک دێتە سەر ئەوەی پێی دەڵێن ئایا پەنا دەبەیت بۆ دادگا؟، هەروەها بۆ کام دادگا؟، لە کوردستان یان دادگایەکی تر؟، لە وەڵامدا دەڵێت گەر پێوست بکات دەیدەم بە دادگا، وە بڕیاریشم نەداوە لە دادگای کوردستان بێت یان لە شوێنێکی تر.

هەر کەسێک گەر تاوانێکی بەرامبەر کرابێت و پێگەی یاسا و دادگا بە هەند وەربگرێت، یان باوەڕی بە دادگا هەبێت، بەر لەوەی لای هیچ کەسێک باسی ئەو تاوانە بکات، یان بڵێیت "گەر پێویست بکات دەیدەم بەدادگا" کە ئەوە لە یاری مندالان دەچێت، پێویستە یەکەم هەنگاو ئەوەبێت کە سکاڵا لای دادگا پێشکەش بکەیت تاوانەکە لەدادگا بسەلمێنیت. بۆیە نەک باسکردنی ئەو تاوانە لای کەس گونجاو نیە، بەڵکو باسکردنی بەئاشکراو لە ڕاگەیاندن و میدیاکانەوە، دەچێتە خانەی تاوانی تەشهیرەوە. باقل و هەرکەسێکی تر مافی ئەوەیان نیە ئەو تاوانەی لە بەرامبەریاندا کراوە بەبێ سەلماندنی لە هۆڵی دادگادا، پێشوەخت واتە پێش بڕیاری دادگا، بیخەنە بەر باسکردنی شەخسی و

⇦

---

⇨

سپێردراوە، کوشتاری بەکۆمەڵ و تیرۆرو سەرکوتی نارەزایەتیەکان دوژمنایەتیەکی بێهاوتای لە نێوان جەماوەری نارازی و دەسەڵاتی هێزە میلیشیاکان دروست کردووە. ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێ بدەین قەیرانی دەسەڵات لە هەلومەرجی سیاسی ئێستای عێراق و لە سایەی دەوری هێزە ئیسلامی و تائفی و بزوتنەوەی عروبەو کوردایەتیدا ئاسۆیەکی ڕۆشنیان نیە.

ئەوەی پێویستە دەربارەی هەڵبژاردنەکانی ئەم دەورەیە قسەی لەسەر بکەین، ئەوە گرنگ نیە کە ئەتوانن هەڵبژاردن لەکاتی خۆی یان لە هەرکاتێکی تردا ئەنجامی ئەدەن، یان بەهەر ساختەو فروفێڵک ئەم هەڵبژاردنە تێدەپەڕێنن، بەڵکو پێویستە کێشەکە لەو لایەنەوە بۆی بڕوانین کە ناتوانن وەڵام بە قەیرانی دەسەڵات بدەنەوەو ناتوانن حکومەتێک لەسەر بنەمای ئەم هەڵبژاردنە پێکبهێنن، هەلومەرجەکەو پێگەی سیاسی هەریەک لەو هێزە میلیشیایانە بەجۆرێکە لە ناو زەلکاوی بنبەست و شکستدا گەمەو ململانێی سیاسی دەکەن، ئیمکانی ئەوەیان نیە بتوانن هیچ جۆرێک لە ڕێکەوتن ئەنجام بدەن، ئەم هەڵبژاردنە تەنها گاڵتە جاری نیە، بەڵکو ئەگەری ئەوە زۆرهەیە کارەسات بەدوای خۆیدا بهێنێت.

سیناریۆی لوتکەی بەغدادیش تەنها ڕیکلامێک بوو وە ویستیان ئەوە نیشان بدەن دۆخی عێراق ئاساییەو دەتوانن هەڵبژاردنێکی سەرکەوتوو ئەنجام بدەن. هەر بەم شێوەیە خەڵک کێش بکەن بۆ بەردەم سندوقەکانی دەنگدان، بەڵام نە ڕیکلام و نە هەڵبژاردن و نە پێکهێنانی حکومەتی دوای هەڵبژاردن، بە هیچ جۆرێک ناتوانێت ڕۆشنایی و ئاسۆیەک نیشان بدات، کە ئەو هێزە تائفی و مەزهەبی و نەتەوەپەرستانەی چەندین ساڵە ئەزمونی گەورەترین کێشەی قەیرانی دامەزراندنی حکومەتێکی سەقامگیریان هەیە، تا بتوانن دۆخی عێراق ئاسایی بکەنەوە. ئاسایی بوونەوەی عێراق پەیوەستە بە ڕامالین و کۆتایی هێنان بەو هێزە میلیشیا تائفی و مەزهەبی و نەتەوەپەرستانە، هەربۆیە دەبێت بڵێین نەخێر بۆ ئەم هەڵبژاردنە!

ئێستا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە پێویستە مانای پەرچەکرداری جەماوەری نارازی لە بەرامبەر ئەم هەڵبژاردنەدا چۆن خۆی بنوێنێت. جەماوەرێک کە چەندین سەعات و ڕۆژو مانگ لە مەیدانەکانی شاردا ڕاوەستان و داوایان کردو ڕایانگەیاند دەبێت ئەم دەسەڵاتە هەمویان بڕۆن، کۆتاییان پێبێت وە بڕوخێت. جێگای خۆیەتی لەبری ئەوەی بڵێین بایکۆت یان نەچون بۆدەنگدان، ئەوە دروسترو عەمەلی ترە بۆ هەر هێزێکی سیاسی و نارازی بەم هەلومەرجەی ئێستای دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا، لەبەرامبەر تەواوی پرۆسەی سیاسی ئەم گروپ و دەستەو تاقم و هێزە میلیشیایانەدا بوەستێتەوە، دروشمی نەخێر بۆ هەڵبژاردن بەرزکەینەوە، بە مانایەک لە هەوڵی هاندان و دوبارە ڕێکخستنەوەی ڕاپەرین و جەماوەری نارازیدا بین لە گەرەکەکان و مەیدانەکانی شاردا بۆ بە شکست گەیاندنی ئەم هەڵبژاردنەو هەوڵدانی بۆ ڕوخان و ڕامالینی ئەم دەسەڵاتەو کۆتایی هێنان بەهێزی میلیشیا. پێویستە سەرنجی ئەوە بدەین کە بایکۆت بۆ ئەم هەڵبژاردنە نەک کارساز نیە بەڵکو لەباری عەمەلیەوە گەرانەویە بۆ قۆناغێک پێش نارەزایەتی و ڕاپەڕینەکانی جەماوەری نارازی شارەکانی عێراق، چونکە سیاسەتی بایکۆت لەم دەورەیەدا دامرکاندنەوە و ناردنەوەی جەماوەری نارازیە بەدەستی بەتاڵ بۆ ماڵەوە.

★

گشتیەوە. واتە دادگا ئەو جێگایەیە کە تاوانلێکراو ئەتوانێ تاوانەکە بسەلمێنێت، تاوانباریش بۆی هەیە بێتاوانی خۆی بسەلمێنێت، بڕیاری دادگا ئەنجامی تاوانەکە دیاری دەکات، بەڵام باقڵ وەک سەرۆکی حزبێکی دەسەڵاتدار بە قسەکانی لەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەدا لای خۆیەوە ئەوەی براندۆتەوە کە تاوان کراوە، ئەو مافە لە دەوری یاسا و دادگا و لە هاووڵاتی کوردستان وەردەگرێتەوە، با ئەو تاوانە سەد لەسەد بەپێی قسەکەی باقڵ بێت و ئەنجام درابێت، بەڵام لە پەیرەوی پەیوەندی نێوان دانیشتوان و سەروەری یاساو دادگا بە بێسەلماندنی تاوان لە دادگادا باسکردنی ئەزمونێک لە بێباوەڕی و ڕەفتاری تاوانی تەشهیرکردن پەخش دەکات و ڕەواج بەکارێکی ناشایستە لە پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا ئەدات.

لەلایەکی ترەوە باقڵ وەها نیشان ئەدات کەجارێ بڕیاری نەداوە لە دادگای کوردستان یان لە دادگای شوێنێکی تر ئەم داوایە پێشکەش دەکات، تا بڕواتە ناو پرۆسەی پیشەکەشکردنی دادگاییەوە، ئەمەش هەر لەسەرەتاوە باقڵ وەک سەرۆکی حزبێکی دەسەڵاتدار جارێکی تر بە بەدەستەوەدانی خاڵێکی لاواز لە ناوەڕۆکی قسەکانیدا ڕادەگەیەنێت، چونکە بەم قسەیە پێگەی دادگا لە کوردستان زۆر زیاتر دادەبەزێنێت و بێمانا و بێبەهای دەکات. کێشەکەو تاوانەکان لەکوردستان کراون واتە بەدواداچون و بەرپرسیاریەتی ئەم دۆسیانە پێویستە لەدادگایەک بێت کە لە شوێنی ڕوداوەکانەوە نزیکە، نەک بە ئارەزوی خۆت شوین و جێگای دادگا هەڵبژێریت، ئەم کارە تەنها کەسانێک لە هەر کۆمەڵگەیەکدا دەتوانن بیکەن کە لە سەرو یاساو دەزگاکانی دادگاوە بن، واتە ئەو وولاتە سەروەری یاسا و سەربەخۆیی دادگا تیادا سفرە و دادگا بێدەسەڵاتە.

لە لایەکی ترەوە کاتێ لە هەر جێگایەک باسی تاوانی ژەهر خواردن و ڕفاندن و هەڕەشە بە ئاشکرا لە میدیاکانەوە دەکرێت، واتە هەوڵدان بۆ کوشتن لە ئارادابووە، بۆیە گەر ئەو کەسەی ژەهرەکەی پێدراوە یان هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە، گەر سکالاش لە دادگا نەکات، هێزە پەیوەندیدارەکان بە دادگاوە بۆ بەرگری لە مافی گشتی دەتوانن هەردوو لا بانگێشت بکەن بۆ دادگا و لێپرسینەوە لە ڕاست و دروستی تاوانەکان بکەن، بەڵام باقڵ بێسڵەمینەوەو بێ هیچ ئیعتبار دانانێک بۆ یاساو دادگا، چیرۆکی تاوان لە میدیاوە دەگێڕێتەوەو کەسیش نیە بتوانێ لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات، سەرباری ئەم هەموو سەرپێچیەی باقڵ لە بەرامبەر یاساو دادگاو دانیشتواندا دەیکات، پێشمان دەڵێت دۆخەکە گۆڕدراوەو باشتر بووە!؟

هەڵبەتە خەڵکی کوردستان دوڵیان لەوەدا نیە کەهێزە میلیشیاکانی بزوتنەوەی کوردایەتی هەموو ڕەفتارێکی ناشایستەو نا ئینسانیان بەرامبەر یەکترکردووەو دەیکەن لەپێناو زیادبونی پێگەو نفوزی سیاسی و پاراستنی دەسەڵاتەکەیاندا، ئەوەی لەم کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەدا جێگای سەرنجە، باقڵ بە ئاشکراو بەڕونی جارێکی تر هەمان پەیامی ئەومان پێرادەگەیەنێ، کەدەسەڵاتی خۆی و سەرکردایەتی یەکێتی لەپێش هەموو پێکهاتەو دامودەزگا حکومیەکانەوەیە بۆ ئەو نەخشەو پلانە سیاسیەی ئێستا مەبەستیانە، واتە هەرچۆنێکیان بوێت ئەتوانن دۆسیەی تاوانکاری گرێبدەن بەو کێشە سیاسیانەی لە بەرژەوەندی لایەنی سەرکەتووی ململانێ و شەڕەکەدایە. واتە تاوان بەردەوام دەبێت و تاوانبار نادرێت بە دادگا تا ئەو کاتەی لە یەکلایی کردنەوەی کێشە سیاسیەکانیاندا بەکار دەهێنرێت.

لەگەڵ ئەوەی لە مێژوی سی ساڵەی دەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتیدا هەموویان وەک یەک شەریکن لەو کارەسات و تاوانانەی بەسەر خەڵکی کوردستانیاندا هێناوە، دەبێت ئەو ڕۆژو کاتەی پێگەو ئیعتبار بۆ دادگا دەگەڕێتەوە، زۆرینەی ئەو بەرپرسانە بەرێز بدرێن بەدادگای تاوانەکان.

★

# کرێکاران! جەماوەری بەشمەینەت!
# دەسەڵات تەمەنی خۆی کردووە و ئیتر نۆرەی دەسەڵاتدارێتی خەڵکە!

**حزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی وەکو ئەوەی نوێنەری چینی سەرمایەدارن، ٣٠ ساڵە ئەزمونی سیستەم و دەسەڵاتێکیان کردووە کەسەراپا لەگەڵ ژیان و بژێوی و حورمەتی ئینسانی ئێمەدا ناکۆکە. ناکرێ لەوەزیاتر هەژاری و نەداری، بێکاری و ستەمگەری و ئەو جیاکاریە چینایەتیە تەحەمول بکەین کەئەم حزبانە و حکومەت و سیستەمەکەیان بۆ قازانجی خۆیان و کەڵەکەی سەرمایەکانیان، بەسەر ژیانی ئێمەوە ڕایانگرتووە، بۆیە ئیتر کاتی وەلانانی ئەم دەسەڵاتە و حاکمیەتی ئەم حزبانەی بزوتنەوەی کوردایەتیە، کاتی هێنانەمەیدانی ئیرادەی ڕاستەوخۆی جەماوەری و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایە لەلایەن جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنان و لاوان و خەڵکی نارازیەوە. کاتی خۆڕێکخراوکردنە لە شوراکان و ئەنجومەنەکانی شاردا. کەوایە با لەشوێنی کارو ژیاندا، لەگەڕەک و فەرمانگەو بەرێوەبەرایەتیەکاندا، دەست بخەینە نێودەستی یەک و لەدەوری یەکتر کۆببینەوە و نوێنەرانی خۆمان لەکەسانی دڵسۆزو جەسور هەڵبژێرین و کۆنترۆڵی ناوەندەکانی کار و گەڕەکەکان لەدەست بگرین و لەم ڕێگایەشەوە بەردی بناغەی دەسەڵاتدارێتی جەماوەر دامەزرێنین!**

# درێژەی .. وەزیری سامانە سروشتییەکان و دەسەڵات، ئاگایان لە ئازارەکانی خەڵک نییە، بۆیە دەبێ رابماڵرێن!

عبدلله محمود

وەزیری سامانە سروشتییەکان دەڵێ" نەمزانیووە خەڵک کێشەی نەوتی هەیە، چونکە سەرقاڵی دەرهێنانی نەوت بووم، بۆم گرنگ بوو نەوت زۆر دەربهێنین...

ئەم لێدوانەی وەزیری سامانە سروشتییەکان، دانپیانانێکی واقعییە، بەڵام نەک تەنها لەسەر خۆی، بەڵکو لەسەر سەرجەم دەسەڵاتی بۆرژوازی سیاسی هەرێم، چونکە سەرجەم دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازی کورد، لەلایەکەوە نوقمی ناو نیعمەت و سەروەتێکی خەیاڵییە و لەلایەکی تریشەوە ماشینی دزی و تاڵانی و نۆکەرپیشەییان دەچەرخێت. بۆیە ئاگایان لە ژیانی مەمرەو مەژی و رادەی هەژاری و برسێتی و بیکاری و دەیان دەردو موسیبەتی تری یەخەگیری خەڵکی کوردستان نییە.

لەو چوارچێوەیەدا وەزیری سامانە سروشتییەکان ئاگای لێ نییە خەڵک نەوتی هەیە یان نا، وە هەرگیز سەرما زەفەری پێنابات و هەستی پێناکات، هەروەکو چۆن لە هاوینیشدا نازانی گەرما چییە... بەم جۆرە وەزیری بەڕێز نە ئاگای لەسەرمای زستانەو نە ئاگای لە گەرمای هاوینە. دیارە ئەمە حاڵی سەرجەم وەزیر و بەرپرسە حزبی و حکومیەکان و بەڕیوەبەرە گشتییەکان و ئەندام پەرلەمانە دەم گەرم و تەسەلەکان و خانەنشینەکانی پەرلەمانیشە... چونکە ئەوان لەدنیایەکی تردا دەژین، لێوان لێوە لە پێداویستیەکانی ژیان و گوزەرانی تەسەل. ئەمەش واقعیەتی حاشاهەڵنەگری قڵشتی چینایەتی قوڵی کۆمەڵگەی کوردستان دەخاتە ڕوو، کە لەلایەکەوە کەمایەتیەکی کەم دەستیان بەسەر سامان و داهاتی کۆمەڵگەدا گرتووەو لەبەرامبەریشدا زوربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان، لە هەلومەجێکی سەختدا ژیانی مەمرەو مەژی بەڕی دەکەن و بێبەشن لەسەرەتاییترین خزمەتگوزارییەکان. لەوانەش ئاو کارەبا و سوتەمەنی و خانوبەرەی گونجاو و کرێی شیاو و بیمەی بێکاری و تەندروستی و...تاد.

وەزیری سامانە سروشتییەکان... کاتێک دەڵێت سەرقاڵی دەرهێنانی نەوت بووم و بۆم گرنگ بوو نەوت زۆر دەربهێنین... بەڵام پێمان ناڵێت ئەو نەوتە چی بەسەر دێت و بۆکوێ دەبرێت و داهاتەکەی چەندەو دەچێتە گیرفانی کێ و چ کۆمپانیایەک و خاوەنی کۆمپانیاکان کێن؟ دەرهێنانی نەوت بەهەموو پێوانەیەک، تەنانەت بە پێوانەی دەسەڵاتە هەرە دیکتاتۆرو سەرکوتگەرەکان، دەبێ بەشێکی بۆ کۆمەڵگەو بۆ زامنکردنی خزمەتگوزارییەکان بێت و لەسەر ژیانی گشتی کۆمەڵگە رەنگ بداتەوە، کەچی دەسەڵاتی مافیایی بۆرژوازی کورد، بە هەر ئەندازە دەستیان لەداهاتی زۆرتری نەوت و غاز و سامانی سروشتی گیر دەبێت... رادەی برسێتی و گرانی و نەبوونی و بێکاریی و خۆدزینەوە لە خزمەتگوزارییە زۆر سەرەتایەکانیش زیاد دەکات و بە لێشاو خەڵکی راپێچی ئوردوی بێکاران و بلۆکی هەژاران دەکات و مەودای چینایەتی بە رادەیەک بەرز دەکاتەوە کە بەهیچ محەکێک قابیلی پێوانە و بەراورد کردن نییە. بەشێوەی گشتی بۆرژوازی و ئەو دەسەڵاتانەی دەستیان لە داهاتی سروشتی گیر بووە، بەشیکی ئەگەر کەمیش بێت، بۆ خەڵک و خزمەتگوازرییە گشتیەکان سەرف دەکەن، کەچی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد کە وەزیری سامانە سروشتەکان نموونەیەکیەتی تەنانەت ئاگای لەسەرما نییە و حکمەتێکیشی ئاشکرا کردووە کە دەڵێت ئەگەر سەرما بێت خەڵک هەڵدەلەرزێت، بەڵام لەم ئیکتیشافەشدا هەر گوندە دورە دەستەکان بە جێگایەک دەزانێت کە خەڵک سەرمایان دەبێت و لای وایە جەماوەی شارەکان سەرما یەخەگیریان نابێت...

وەزیری کارەباش ئاگای لە وەزعی کارەبا و دابەش کردنی نییە، بۆیە لەو کاتانەی خەڵک پێویستی بە بڕی زۆرتری کارەبایە... کاتێک لێی پرسیار دەکەن کارەبا چەند سەعات هەیە، دەڵێت ١٨ یان ٢٢ سەعات کارەبا هەیە، بەڵام کاتیک گوێ لە هاوڵاتیان دەگرین دەڵین بەجیا لە کارەبای نیشتیمانی!! ١٠ بۆ ١٢ سەعات کارەبای موەلیدە دەکرین... بەم شێوەیە دەردەکەوێت ئەویش وەکو وەزیری سامانە سروشتیەکان بێ ئاگایە!!

وەزیری تەندروستی حاڵی لەوەزیرەکانی تر باشتر نییە... نەک ئەو هەموو دارمانەی سلکی تەندروستی نابینێ و ئاه و ناڵەی دەست نەخۆشی نەبوونی نابیستێ، بەڵکو هیشتا لەوەش حاڵیی نییە کەخەڵک بۆچی وەکو پێویست ئامادە نییە کۆرۆنا ڤایرۆس وەربگرێت... خەڵک ئەوەندە بێ متمانەن بەدەسەڵات، تەنانەت متمانەی ئەوەی دەرزیەکانی کۆرۆنا ساختە نەکراون، بۆ جەماوەری ئەزموون دیدەی ئەو دەسەڵاتە، جێگای باوەڕ نییە. ئەوە بەجیا لەوەی پرۆسەی بە تایبەتیکردنی ئەم سلکەو دەست هەڵگرتن لە دابینکردنی پێداویستی خەستەخانەو بنکە تەندروستییە حکومیەکان، لە پێناو داهاتی

# ئێن ئارِ تی‘‘‘ و ”نەوەی نوێ“ و چنگەکرێی خۆهەڵواسین بە ڕیشی تاڵیبانەوە!

جەمال موحسین

کۆنەپەرستیەکەوە داوە، با خۆشی هەر شانازی بە هەڵکردنی باهۆزی ‘‘بێلایەنی و فرەڕەنگی و میدیای ئازاد‘‘ەوە بکات. ئەم کەناڵە هی شاسواری سەرمایەداری لەپڕ هەڵتۆقیوە. سەرمایەدارێکی دواکەوتووی خاوەن هەمان بۆچوونی ترەمپ ئاسا (ترەمپ وەک ڕەمزێک بۆ ئەوپەڕی ڕاستڕەویی کۆنەپەرست). ‘‘سەرکردە‘‘ یەکی سیاسی کە هەر زوو دەستی بە ئەزموونێکی شکستخواردووەوە گرت کە ئەویش باوەشکردنەوە بوو بۆ ئیسلامی سیاسی وەک ڕەوت و ڕوانگەیەکی بۆرژوازی. هەوڵی شاسوار زۆر باشتر و سەرکەوتووتر نەبووە و نابێ لە هی نەوشیروان مستەفا کە سەرەتای دەستپێکردنی بزووتنەوەکەی دەمی بە ماچی دەستی ئیسلامیەکان گەرمکرد و تا ئێستاش بەشێکی بەرچاو لە هەڵسووڕاو و ئەندام پەرلەمانەکانی سەر بە مەیل و ڕوانگەی ئیسلامین. بەڵام کاتێک کە گۆڕان خۆی بەشێکی بەرچاو لە دەسەڵات و پشکی بردنی پارە و سەروەتی کۆمەڵگای پێبڕا و "سەنگەری" حزبە ئیسلامیە براکانی چۆڵ کرد و زۆرتر لە دیوەخانی پارتی و یەکێتی و حوکمە میلیشیاییەکایاندا جێگەی گرت، هەندێک لایەنی ئیسلامی هێشتا ئەیانەوێ خۆیان وەک نەیار و ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵات و دۆخی ئێستا بقەبڵێنن.

لەم نێوەشدا نەوەی نوێ و سەرۆکەکەی ئێستا لەوانی دی زیاتر گۆرەپانی بۆ تەخت بووە تاکو ئەم لافی ئۆپۆزسیۆن بوونە لێبدات! بەڵام چ ئۆپۆزسیۆنێک و نەیاری چی؟ ڕووکەشی هەڵتۆقینی ئەم جولانەوەیە و سەرۆکەکەی ئەوەیە کە لەو دۆخە نارازین کە دەسەڵات خوڵقاندوویەتی و گوایە دژی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات ئەوەستنەوە. لە کاتێکدا ناوەڕۆکی چینایەتی جولانەوەکە و خودی سەرۆکەکەی، کە تاکو ئێستا نەیتوانیوە ئەستۆپاکی خۆی بسەلمێنێ لەبەرامبەر تۆمەتی بردنی پشکی سەرمایە لە خەڵک لە کاتی کردنەوەی پرۆژە قازانجهێنەرەکانیدا، شتێک نییە جگە لە وابەستەیی بە چینێکەوە کە لە دەسەڵاتدایە و ئەویش چینی سەرمایەدارانی کوردستانن لەڕێی حزب و حکومەت و پەرلەمانەکەیانەوە. جولانەوەی نەوەی نوێ و لە زاری سەرۆکەکەشیانەوە هەرگیز قسەیەکیان لەسەر ململانێ و شەڕی خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت و سەرمایەدار و خاوەن سەروەتی کۆمەڵگا نییە. قسەوباس و پرۆژەیەکیان بۆ نەهێشتنی ئەو قڵشتە چینایەتیە لە نێوان کەمینەی دەوڵەمەند و زۆرینەی هەژاردا پێنییە و لە بنەڕەتدا ئامانجێکی لەو چەشنەشیان نییە. ئەوانیش وەک هێزەکانی تری ناو خێزان و بەرەی بۆرژوازی لەوە نارازین کە ئەوانی تر بە ئارەزووی خۆیان ئەدزن و ئەخۆن و تا ئێستا جێگەیەک بۆ

⇦

⇨

زۆرتر بۆ خەزێنەی بۆرژوازی کورد، دەستی پێکردووە و ئەوەی بۆ دەسەڵات و وەزیرەکەی گرنگ نییە، هاوڵاتیانی نەدار و هەژارو برسین و بێکارن.

خۆ سلکی خوێندن و پەروەردە لەوانی تر باشتر نییە... وەزیری پەروەردە ئاگای لە وێران بوونی ئەم کەرتە گرنگە نییە، هێشتا بێ ئاگایە لەوەی بە سەدان قوتابخانە بۆ خوێندن ناشێن. هێشتا قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆکان بەدەست کەمی ئیمکاناتەوە دەناڵێنن، هێشتا سێ دەوامی هەیە، کەمی مامۆستا گرفتە... لەوانەش زیاتر موچەکەیان بەناوی جیاجیاو بەپاساوی ڕەنگاو ڕەنگ، دوادەخرێت، نادرێت. لەهەموو ئەوانە واوەتر ڕادەی دەرچوونی قوتابیان تادێت بەرەوە داکشان دەچێت... هەلومەرجی سەختی ژیان وای کردووە بە دەیان هەزار منداڵ لە خوێندن بێبەش بن و ناچار بن ببنە نان ئاوەی ماڵ.

وەزیری ناوخۆ حاڵی لە حاڵی وەزیرەکانی تر باشتر نییە... بەدەیان هەڵسووڕاو، ڕۆژنامەنووس، مامۆستای بادینان لەکاتی خۆپیشاندانەکاندا بۆ موچە، دەستگیر کراون و ماوەی ساڵێکە ڕاگیراون بێ ئەوەی دادگایی بکرێن... ئەم وەزیرە هەست و نەستی ناجولێت بۆ خێزانەکانیان و ئاگای لە معاناتیان نییە... ئەو هەموو لەشکر و بارەگای وڵاتانە نابینێ کە لە کوردستان قوتکراونەتەوە و لەبەرامبەر بەهەرەشەی وڵاتانی ناوچەکەش بۆسەر ئۆپۆزیسیۆن، میش میوانی نییە... یاسا و دادوەری گشتی حاڵیان لە حاڵی ئەوانی تر باشتر نییە، ئەمانە هەموو یان حەلقە حەلقەی زنجیرەیەکن تا دەگاتە سەرۆکی حکومەت و هەرێم و سەرۆکی حزبە دەسەڵاتدارەکان، کە بێئاگان لە دۆخ و ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی بێبەش و نەداری هەرێم و ئامادەش نین ببیستن و ببینن.

بەڵێ بێئاگایی وەزیری سامانە سروشتیەکان، درێژکراوەی پەتای سەرجەم دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردە، کە ئاگایان لەهیچ نییە، جگە لە دزی و تاڵانی و خۆشخزمەتی و وەستانەوە بەرووی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەرییدا... ئەم دەسەڵاتە جگە لە ڕاماڵینی هیچ دەوایەکی تر دەرمانی تەنینەوەی تاوانەکانی ناکات.

★

ئەمان قایل نین.

ئەگەر ئەمە لایەنێکی ناوەڕۆکی چینایەتی ئەم پێکهاتەیەی بۆرژوازی بێت، لایەنێکی تری ئەوەیە لەم دۆخەدا جەماوەری کرێکار و بێبەشی کوردستان لەو دەسەڵاتە و تەواوی سیستمەکەی ڕاست بۆتەوە و خۆیان وتەنی تۆفانی خەڵک ئەیەوێ "بەلەمی هەموویان نوقم بکات". نەوەی نوێ هاتوتەپێش تا هەمان گەمەی گڵاوی دوبارە بەلاڕێدابردنی ناڕەزایەتی خەڵک بکات و بیباتەوە سەر ڕێڕەوی پەرلەمان و هەڵبژاردن و ئاڵوگۆڕ لەوڕێگەیەوە. تاکو لەلایەک دەسەڵاتی بۆرژوازی لە توڕەیی خەڵک ڕزگاربکات و لەلایەکی تریشەوە ئامرازێک بێت بۆ خاوکردنەوەی ئەو نەفرەت و ناڕەزایەتیە فراوانەی لە کۆمەڵگەدا هەیە و سەرئەنجام هەر ئەبێ بگات بە شۆڕش بۆ ڕامالینی تەواوی سیستەم و پێکهاتەکانی.

سەرباری هەموو ئەمانەش وەک ئاماژەمان پێدا، نەوەی نوێ و کەناڵە بەرچاوەکەی پاڵیان بەوپەڕی کۆنەپەرستی و دواکەوتوویی ئیسلامیەوە داوە و بە ئەندازەی ئەو حزبە ئیسلامیانە ئاو بە ئاشی کۆنەپەرستی ئیسلامیدا ئەکەن. کارێک کە ئەم جولانەوەیە و کەناڵەکەی بیشەرمانە ئەیکەن گرەوی لە "پاراستنی سەوابتە ئاینیەکان"ی گۆران بردۆتەوە و بوونەتە مینبەرێکی ئاشکرای ڕەواجدان بە ئیسلامگەرایی و ئیماراتی ئەو بزووتنەوەیە! سەرۆکی جوڵانەوەکە خۆی دیزاینی مزگەوت ئەکات و لە تیچووی نەوەی نوێ دروستی ئەکات، وەک ئەوەی کەم لە پارەی دزراوی دەمی خەڵک کرابێ بە دەمی وەزارەتی ئەوقاف و کردنەوەی مزگەوت و تەکیەخانەکان. هەروەها ساڵانێکی زۆرە دەروازەکانی کەناڵی ناوبراو خراوەتە سەر گازەرای پشت بۆ سەلەفیزم و دەق و سروتە ئاینیەکان و کەناڵی تایبەتی ئاینی بۆ کردوونەتەوە و مینبەرەکانی بۆ زۆربەی کەسایەتیەکانی ئەوان، کە جگە لە هەڵڕشتنی جنێو و ژەهر و فەتوای دژی ئازادی و دژە ژنان هیچی تریان پێ نییە، ئاوەڵا کردووە. لە هەر کێشمەکێش و بەرانبەروەستانەوەیەکی ئازادیخوازی و کۆنەپەرستیدا، زۆرتر قسەکەری ئیسلامی (خۆیان وتەنی بە توندڕە و میانڕەوەوە) جێگەی بایەخیان بووە و کاتیان پێدراوە تا بە ئارەزووی خۆیان هەرچی بیروڕای ژەنگاویە بیهێننەوە دەر و داکۆکی لە فرەژنی و دەسەڵاتی داعش و یاسا و ڕێسا و شەریعەتی ئیسلامی بکەن.

لەم دواییانەدا ئەمە زیاتر کێشی کردووە و بە ناوی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی سەبارەت بە ئەفغانستان و تاڵیبانەوە چەندین زانیاری و وتەی سەرانی حزبە ئیسلامیەکانیان داگرتۆتەوە تاکو لەژێر ناوی ڕووماڵکردندا ڕەواج و برەو بە دەسەڵاتی ئیسلامی بدەن و وەک ئەڵتەرناتیڤێک بۆ دۆخی هەرێم و جۆری دەسەڵاتەکەی، کە گوایە وەک دەسەڵاتی حکومەتەکەی ئەشرەف غەنی گەندەڵە، بیدەن بە گوێی کۆمەڵگە و خەڵکدا. لە کاتێکدا کە ئیسلامیەکانی کوردستان بە بەدەسەلات گەیشتنەوەی تاڵیبان شاگەشکە بوون و زمانی هەڵهەلەیان بۆ ئیمارەتە ئیسلامیەکەی ئەوان و لە چارشێوەپێچانی ژنان و جیاکردنەوەی کوڕان و کچان لە قوتابخانەکان و تەواوی حوکمێکی پشتبەستوو بە شەریعەتی ئیسلامی هاتوتەگۆ، کەناڵەکەی شاسوار و نەوەی نوێش پەیتاپەیتا بانگیان ئەکات و بەرنامە و وتە و لێدوانیان لێوەرئەگرێت.

لە هەمووی قەباعەتتر ئەوەیە کە مەلا کرێکار، کە خۆی لە زیندانی ئیتاڵیایە و سزای ١٢ ساڵی بەسەردا سەپێندراوە و لێدوان و پەیوەندی ڕاستەوخۆی لێ قەدەغەکراوە، ئێن ئاڕ تی لەڕێگەی خێزانەکەیەوە پەیامی بۆ دەگوازێتەوە. بە شان و باڵیدا هەڵئەدات و نەک هەر وەک مەزلوم نیشانی ئەدات، بگرە وەک کەسایەتیەکی سبەینێی کۆمەڵگە ئەیقەبڵێنێ. گوایە مەلا کرێکار نیگەرانە لە دۆخی هەرێمی کوردستان و لە دژی گەندەڵیە و لەسەر هەمان هەڵوێستەکانی پێشووشیەتی کە لە دژی گەندەڵی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتیە و لەگەڵ دروستبوونی گۆڕانکاریدایە! ئەڵێی هەروەک چۆن ئیمپریالیزمی جیهانی و ترەمپ کە دوو ساڵ لەمەوبەر ڕێککەوتنی لەگەڵ تاڵیبان کرد و چۆن ئەشرەف بەرادەریان لە زیندان دەربازکرد و دواتر لە قەتەرەوە هێنایانەوە بۆ سەر دەسەڵاتی سەپێندراو بەسەر خەڵکی ئەفغانستاندا، ئەگەر بەپێی بەرژەوەندی هەمان ئیمپریالیزم و ئەمریکا خوازرا کە سەرانێکی ئیسلامی بسەپێنن بەسەر کۆمەڵگەی ئێمەدا، ئەوا شاسواری فەریکە ترەمپ و کەناڵەکەی بنەوانەیان بۆ ئەمە شێلابێ! تاکو ڕێی تێبچێ مەلا کرێکار بکەن بە ملۆزم بەسەر کۆمەڵگەی کوردستانەوە، دیارە ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر ناڕەزایەتی و خەباتی خەڵک نەبێتە مقاوەمەیەکی لەو چەشنە کە خۆی دەسەڵات ڕابماڵێ و هەر خۆشی دەسەڵاتێکی جەماوەری کە پێکی ئەهێنێت بۆی

**خەباتی ژنانی کوردستان بۆ گەیشتن بە مافە فەردی و مەدەنیەکانیان بەشێکە لە خەباتی چینی کرێکاری کوردستان بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردو حکومەتی میلیشیایی....**

# چەند بەشێک لە نەخشەڕێگای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بەرامبەر بە بنبەستی حکومەت و دۆخی سیاسی کوردستان که سەرەتای حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢٠ بڵاوکراوەتەوە

* ئەم دەسەڵاتەو ئەم سیستەمە چاکسازی هەڵناگرن. ئەزمونی چەندین ساڵەی خەڵکی کوردستان چەندینجار ئەوەی سەلماندووە کە خولانەوە لە بازنەی ئەو سیستەمە سیاسیانەی کە ئەحزابی بۆرژوازی لە ژێرناوی چاکسازی و فیدرالیزم و دەسەڵاتی قەومی و نیشتمانی و گەل و دیموکراسی و پەرلەمانتاریزمدا، بە بریکاری خەڵک حوکمڕانیان کردووە، جگەلە دووبارەکردنەوەی ئەزمونی شکستخواردوی دەسەڵاتی بیروکراتیک و سەرو خەڵکی و راپێچکردنی کۆمەڵگا بۆ ناو کارەسات و بێدەرەتانی و بێمافی هیچی تر نەبووە. لەبەرامبەردا دەسەڵاتداریتی راستەوخۆی جەماوەری و حکومەتی شورایی، زامنی ئازادی و دیموکراسی راستەخۆ و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایە لەلایەن نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵک خۆیانەوە.

* وەلانان و کۆتاییهێنان بە حکومەتی ئێستا بەڕێگایەکی شۆرشگێرانە، لەرێگای هەستان و راپەرینێکی جەماوەریەوە دەبێت کە لەجەرگەی هاتنەمەیدانی فراوانی خەڵکی ناڕازیەوە بۆ خواستی وەلانانی دەسەڵات پێیناوەتە مەیدانەوە. واتای کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی ئێستا لەرێگای راپەرینێکی جەماوەری شۆرشگێرانە و سەرکەوتووانەوە لەوەدایە کە هەموو دامودەزگاکانی سیستەمی حکومڕانی ئێستا، لەوانە حکومەت و پەرلەمان، سەرۆکایەتی هەرێم و هێزی چەکداری حزبەکان و هەر ئۆرگانێکی دیکە هەڵوەشێتەوە و رێگابکرێتەوە بۆ دەخاڵەتی جەماوەری لە بەڕێوەبردنی وڵات و بڕیاردانی ئازادانە لەسەر سیستەمی حوکمڕانی داهاتوو. ئەزمونی خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوبات، راپەرینی شارەکانی عێراق و جولانەوە شۆرشگێریەکان لە لوبنان ومیسر و.. سەلماندویەتی کەخۆپیشاندانی زنجیرەیی، مانگرتنە گشتیەکان، مانەوە لەناوەندی شارەکان، بەتەنها و بەبێ راپەرینێکی لەمجۆرەو بەم ناوەرۆکەوە، ناتوانێ دەسەڵات بەقازانجی جەماوەری ناڕازی یەکلابکاتەوە و بگرە بۆرژوازی و هێزەکانی توانیویانە بەخستنەڕێی سیناریۆی جۆراوجۆر هەمان سیستەمی دەسەڵاتداریتی خۆیان دووبارە سازبدەنەوە.

* پێویستە بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری ئێستای کرێکاران و کارمەندان و زەحمەتکێشان و مامۆستایان و ژنان و لاوان و بێکاران و سەرجەم ئازادیخوازان.. لەدەوری داخوازیە دەستبەجێکان و سووربوون بۆ سەپاندنی بەسەر ئەوانەی داهاتی کۆمەڵگایان بەتاڵان بردووە، پێبنێنە مەیدانەوە، هاوکات لەسەرجەم ناوەندەکانی کار و گەڕەک و زانکۆ و بەڕێوەبەرایەتیەکان، کۆبوونەوە گشتیەکان سازبدەن و بە هەڵبژاردنی نوێنەرانی خۆیان لەشورا و هەرجۆرە رێکخراوەیەکی جەماوەری تردا بەرپا بکەن. لەم نێوەدا هاتنەمەیدانی کرێکارانی نەوت و کارگە پیشەسازیەکان و دەستبردن بۆ شوراکانی خۆیان و کۆنترۆڵی کرێکاری فاکتۆرێکی یەکجار گرنگی یەکلاکردنەوەی راپەرینە بەقازانجی جەماوەر.

---

نەپارێزرێ.

بەراستی نەوەی نوێ و سەرۆکە سەرمایەدارەکەی زەرویەکن بەسەر ناڕەزایەتی جەماوەریەوە لە دژی دەسەڵات و سیستمی سەرمایەداری لە کوردستاندا. بەڕاستی نەوەی نوێ بە ئەندازەی ئیسلامیەکان قێزەونە، بە ئەندازەی دەسەڵات تاوانبارە و خەڵک ئەبێ لە خەباتی خۆیاندا بۆ دەربازبوون لە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، ئەم کۆسپەش لەبەردەم خۆیدا لاببات و کۆمەڵگە لەوانیش پاک بکاتەوە.

وەک دوا وتە، ئەو قسەیەی ئەوان بۆ بێلایەنبوونی کەناڵەکە ئەیکەن بە ئەندازەی بانگەشەی سەرانی حکومەتە دز و جەردەکەی کوردایەتی بۆ چاکسازی رسوایە. ئێن ئار تی لایەندارە. لایەندارە بۆ هێشتنەوەی کۆمەڵگەی کوردستان لەسەر سیستمی چەوسانەوەی چینایەتی و مانەوەی هەژار و دەوڵەمەند. لایەندارە بۆ شەریکبوون لە دەسەڵات و بردن و دزینی سەروەتی کۆمەڵگا لەژێرناوی شەرعیەت وەرگرتنی دەنگ و پەنجەمۆری خەڵکدا. لایەندارە لە کۆنەپەرستی ئیسلامی و ئیسلامیەکان و دژایەتی دەنگی ئازادیخوازیدا... هەتا ئەتوانرێ لیستی تاوانی دەسەڵات بژمێردرێ، ئەوەندەش ئەتوانرێ دژبوونی ئەم کەناڵە و نەوەی نوێکەی شاسوار بە خەڵکی کوردستان بژمێردرێ!

# نابێ دەستدرێژیەکانی رژێمی ئیسلامی ئێران بە بێدەنگی تێپەڕێت!

**موحسین کەریم**

رژێمی ئیسلامی ئێران، بەدوای هەڕەشەکانی چەند رۆژ لەمەوبەری فەرماندەی هێزی پیادەی ئەو رژێمە لەدژی هێزە ئۆزیسیۆنەکانی کوردستانی ئێران لە هەرێمی کوردستان، لەرێگای فڕۆکەی جەنگی و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە بۆردومانی چەندین ناوچەی سنوری لە هەرێمی کوردستان کرد ، بە مەبەستی زەربەدان لەو هێزانە و نیشاندانی ئامادەیی رژێمی ئیسلامی بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی لە کوردستانی عێراق لەرێگای بەکارهێنانی هێزو نائارامکردنی شوێنی کارو ژیانی خەڵکی ناوچە سنوریەکانی کوردستانی عێراق.

رژێمی ئیسلامی کە بەدوای جێهێشتنی ئەفغانستان لەلایەن ئەمریکاوەو گەڕانەوەی تالیبان بۆسەر کورسی دەسەڵات، ئیحساسی جۆرێک لە متمانە بەخۆبوون لە بەرامبەر فشارەکانی ئەمریکا بۆسەری دەکات و دەیەوێ وەبەرهێنانی سیاسی خۆی لەم گۆڕانکاریە بە ئاراستەی هێشتنەوەی پێگەی سیاسی-سەربازی خۆی وەکو هێزێکی هەرێمی بکات. عێراق و کوردستانی عێراق ئەو شوێنەیە کە لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە ناوچەیەکی گەرمی ململانێی نێوان ئێران و ئەمریکا بووە و تائێستاش بەردەوامە. یەکێک لە ئامانجەکانی ئێران لە هێرشکردنە سەر ئۆپۆزیسۆنی سیاسی رژێمەکەی لە کوردستانی عێراقدا، گەیاندنی ئەو پەیامەیە کە دەتوانێ لە هەرێمی کوردستانیش کە ناوچەیەکی ئارامی بوونی بنکەی سەربازی و بوونی سیاسی ئەمریکایە لە عێراق، هێزی خۆی نمایش بکات و لەچارەنوسی سیاسی کوردستانیشدا دەتوانێ نەخشی گرنگی هەبێت. بەڵام پاراستنی پێگەی ناوچەیی و هەرێمی رژێمی ئێران، بەبێ سەقامگیری سیاسی ناوخۆیی و دەسەڵاتێک کە کۆنترۆڵی خەڵکی کردبێت لەرزۆک و ناپایەداردەبێت.

ئەگەرچی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی رژێمی ئێران لە کوردستانی عێراق ئەو فشارو مەترسیەیان لەسەر رژێم نیە، بەڵام لە هەلومەرجێکدا کە دۆخێکی ئابوری سەخت بەسەر خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و زۆربەی خەڵکی ئێراندا سەپێنراوەو نارەزایەتیە جەماوەریەکان لە کارخانە گەورەکانی ئێرانەوە تا بە خەڵکی شارو گەڕەکە هەژارنشینەکان و مامۆستایان و خانەنشینان و بێکاران رژێمی ئێرانی هەراسان کردوە، ددان تیژکردنەوە لە ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی ئێران، لە بنەڕەتدا ددان تیژکردنە لە خەڵکی ناڕازی ناوخۆی ئێران کە مەترسی ڕاستەقینەن لەسەر رژێمی بۆرژوا ئیسلامی دڕندەو کۆنەپەرستی ئێران. رژێمی ئیسلامی ئێران دەیەوێ ئەوە بە خەڵکی ناڕازی نیشان بدات کە ئامادەیە لە حاڵەتی دروستکردنی مەترسی بۆ سەر رژێمەکەی ئامادەی بەرێخستنی ڕوباری خوێنە، هەر ئەوەی کە رژێمە سەرکوتگەرەکانی بۆرژوازی لە دەورانی قووڵبوونەوەی قەیرانی سیاسی و خرۆشان و شۆرشە جەماوەریەکاندا بەڕێیان خستووە.

ئەوەندەی بە خەڵکی کوردستانی عێراق و هەڵسوڕانی سیاسی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی رژێمی ئیسلامی دەگەڕێتەوە، ئەم هێرشەی رژێمی ئیسلامی ئێران نابێ وەکو کارێکی ئاسایی مامەڵە بکرێت و بێدەنگ نەبین بەرامبەری. هەموو جۆرە دەستێوەردانێکی سیاسی و سەربازی رژێمی ئیسلامی ئێران و دەوڵەتانی ناوچەکە بۆسەر کوردستانی عێراق دەبێ بە نارەزایەتی فراوانی جەماوەری وەڵام وەربگرێتەوە. هاوکات دەبێ خەڵکی کوردستانی عێراق پشتیوانی و بەرگری لە ئازادیی هەڵسوڕانی سیاسی هێزە سیاسیە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێران و ناوچەکە لە هەرێمی کوردستان بکەن. ئەوەی کە بۆی نیە لە کوردستانی عێراقدا چالاکی بکات و بوونی هەبێت دەزگا و دامەزراوە تیرۆریستی و جاسوسی و سەربازیەکانی رژێمە سەرکوتگەرەکانی ئێران و تورکیان کە ژیان و ئاسایشی خەڵکیان خستۆتە بەر مەترسیەوە!

★

ئۆکتۆبەر

ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

سەرنوسەر : موحسن کەریم

ڤایبەر: 07700475533

muhsin_km@yahoo.com

ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی :
**عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

جێگری سکرتێر:
**موحسین کەریم**
ڤایبەر: 00964(0)7700475533
Email: muhsin_km@yahoo.com

رێکخراوی دەرەوە:
**دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com